## ئایا کازم ساهیر شایانی بانگهێشت کردنه بۆ کوردستان ؟

مەجید دڵنیا

ئەوەی هانیدام ئەم چەند دێرە لەسەر کازم ساهیرو هەڵوێستی ئەو بەرامبەر بە میللەتی کوردبنووسم، ئەو هەواڵە بوو کە سایتی بەتەمایە لە کوردستان ئاهەنگ سازبکات. پەیامنێریش رۆژی1.6.05بڵاویکردۆتەوە کە گوایە ئەم هاوینەپەیامنێرلەدەردەچێت. ئەم هەواڵەی لە رۆژنامەی سەباح وەرگرتووە کەلە بەغدا

ئاشکرایە کازم ساهیر لەناو میللەتی کوردا خەڵکانێکی زۆربە دەنگی موعجیبین ،زۆر کەس زۆرینەی کاسێتەکانی ئەویان هەیە وگۆرانیەکانیشیان لەبەرە.من بۆخۆم یەکێکم لەو کەسانەی بەهیچ شێوەیەک موعجیب نیم پێی و بە گۆرانیەکانیشی مورتاح نیم.

پاش خوێندنەوەی چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵیدا کە چی دەربارەی کوردستانی باشوور و ئەزموونەکەی دەڵێت!.هێندەیتر رەشبوو لەبەر چاوم.بۆیە ئێستا وەک هەر عەرەبێکی شۆفێنی و دژ بە کورد سەیری دەکەم.رۆژنامەی "دیدی نوێ" لە ژمارەی 7.10.2004دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کازم ساهیردا کردووە. کازم ساهیر لەتەواوی چاوپێکەوتنەکەدا وەک هەر عەرەبێکی 12 شۆفێنێیتر دەمی ناهێنێ ناوی کوردستان بهێنێ وهەر دەڵێ باکوری عێراق.

ئەم هونەرمەندە خۆشەویستەی گەنجانی کورد سەبارەت بەئەزمونی ئێستای کوردستان دەڵێ:ئەوە 13 ساڵە باکوری عێراق

بۆتە مۆڵگەی ئیسرائیلیەکان، ئەوە جگە لەوەی نەتەوەی کورد بە تورک ناو دەبات، پەیامنێرەکە دەڵێ من کوردم نەک تورک کەچی جەنابی دەڵێ :جیاوازی نیە کوردەکان لە ئەسڵدا تورکن.1

لەسەر وەزعی ئێستای عێراق دیارە وەک ناسیۆنالستێکی عەرەب هەست بە پۆتشکاندن دەکات و دەلێ:ئایا حوکمرانی بەعسیەکان چاکترنیە لەژێر دەستەیی ورۆژگاری ئێستا،پێم وایە وەڵامی هەموو تاکێکی کورد"نەخێر چاکتر نیە"یە.ئەوە جگە لەوەی کازم ئەو رەشەکوژی وسەربرینانەی دەکرێ لە عێراقدا بە مقاوەمە ناودەبات.پەیامنێرەکە لەسەر ئەنفال وکیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەڵێ بۆ هەڵوێستت نەبوو.ئەوهونەرمەندە خۆشەویستەی گەنجانی کورد ئامادە نیە هیچ بڵێ ودەڵێ"من وەڵامی ئە پرسیارە

نادەمەوە".بۆ سەردانی کوردستانیش دەلێ:ئینشالله لەعێراقێکی یەکگرتووئارام و دوور لە شەر سەردانێکی باکوور دەکەم.1

ئەمە هەڵوێستی ئەو هونەرمەندە عەرەبەیە کە زۆربەی گەنجەکانی ئێمە عاشقی دەنگین و کچان و کورانمان وێنەکەی دەدەن لە لیڤیکس ولە ژوورەکانیاندا هەڵیدەواسن.توخوا هونەرمەندێک ئەمە هەڵوێستی بێت بەرامبەر بە تۆی کورد، ئەتۆ چۆن شەرم ناتگرێ وێنەی کەسێکی دوژمن بە کورد هەڵبگری و خۆشت بووێ، ئاخر کازم ساهیرێک بەو عەقڵەوە بۆ منی کورد لەگەڵ زەرقاوی ومرۆڤ سەربرەکان و عەلی کیمیاویدا جیاوازیان چییە؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان وکاربەدەستانی کورد بە چ حەقێک دەعوەتی کەسی لەو بابەتە دەکەن بۆ کوردستان.کازم بەپێی قسەکانی خۆی چەندین جار لە لایەن کاربەدەستانی کوردەوە داوای لێکراوە بێت لە کوردستان ئاهەنگ ساز بکات.ئاخر کاربەدەستانی

کورد کەی شتێکی باشیان بۆ خەڵک کردووە تا کەمێک لە ئازارەکانیانی سووک کردبێت، دەنا رەش و رووتی کورد لە هیچی کەم نییە لە ئاهەنگ سازی نەبێت ئاهەنگی کێش ،هی کازم

ساهیرێک که بچوکترین ئازادیت پێ ڕەوانەبینێت،که ئامادە نەبێت هیچ لەسەر هەڵەبجەوئەنفال بڵێت !تەنانەت بەیەک وشەش نەتوانێ ئیدانەی بکات .ئاخر کاربەدەستانی کورد پارەیان زۆرە بۆ دەعوەتی کازم ساهیرو مەعسوم قرمزی،کەچی که توێژێکی وەک مامۆستایان داوای زیادکردنی موچە دەکەن ئەوە هەزارو یەک بروبیانو دەهێننەوە ئەوە لەکاتێکدا زۆرێک لەکەس وکاری ئەنفالەکان وکیمیابارانەکان تا ئێستا شتێکیان بۆ نەکراوە شایانی باسکردن بێت مەعسوم قرمزی گوایە کوردە کەچی لە کوردستانێکی ئازاددا ئامادە نەبێت یەک وشە بە کوردی قسەبکات، دەبێت کورد چ دڵێکی بەم ئەتوارانە خۆش بێت.بۆیە من نازانم حیکمەت لە دەعوەتکردنی ئەم زۆڵە کوردو دژبە کوردانە چییە؟

باشە ئێوە گەر هەر کاری لەو بابەتە دەکەن خەڵک بۆ کوردستان بانگهێشت دەکەن بۆنایەن کەسانێک بانگهێشت کەن کە شایەنی ئەوەبن ،کەتێروانینان بەرامبەر بە کورد باشە،تا جەماوەری کورد بیانناسن وزیاتر خۆشیان بوێن.فەرموون گوێ لە هونەرمەندێکی بەرێزی وەک نەجوا کەرەم بگرن چۆن هەستی خۆی بەرامبەر ئێمە دەردەبرێت:"لێرەوە بەخۆشویستان لە کوردستان رادەگەیەنم کەهەمووتان لەنێو رۆحمدا دەژین و لەیادیشم ناچێت کەوا پارچەیەکم لەچوار پارچەکەی کوردستانی بەهەشت...دیسان دەڵێت:

تاوەکو کێشەی کوردو فەلەستین چارەسەر نەکرێت پێموانیە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئارام بێت".2

هەموو ئەمانە بەبروای من لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە که زۆربەی زۆری کاربەدەستەکانی کورد خەڵکانی مشەخۆرو ماستاوچی و کاسەلێسن و ئینتیمای نەتەوەییان زۆرلاوازە، بەزمورەزمی چەند سەعاتێکی شەویان لە هەموو کێشەی کورد لا گرینگترە،ئیتر کێ

دەهێنن بۆکوردستان وکە دەشرۆنەوە چیشمان پێ دەڵێن ئەوە ئەوان مێشیش میوانیان نییە،گرینگ ئەوەیە لە پارەی مانگانە پارەیەکی خەیاڵیش سەرفدەکرێت ،ئیتر خەڵکی ستەمدیدە نانی هەیە یان نا، بازار گرانە یان نا،ئەوە کێشەی ئەوان هەر نییە!.

خۆزگە ئەوساتەوەختە دەهات دۆست و دوژمنی خۆمان دەناسی وکەسێکیش بروای بە کوردو کێشە رەواکەی نەبێت نەهێڵین پێبنێتەخاکی کوردستانەوە.داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم با بە هەموو لایەک کار بۆ ئەوە بکەین لە هەر کاربەدەستێک بپێچینەوە بیەوێ بەئارەزووی خۆیی وبۆ مەرامە گڵاوەکانی خۆی سامانی کوردستان تەخشان وپەخشان بکات.ئالەو روانگەیەوە دەڵێم کازم ساهیرنەک شایانی پێشوازیکردن وبانگهێشت نییە،بەڵکوپێویستە رێگەی نەدەین بێتە کوردستانەوە تا دان بە کورد و خاکی کوردستانیشدا دەنێت.

4-6-2005

سەرچاوە:

رۆژنامەی جەماوەر ژمارە 101،لاپەرە1.13-

رۆژنامەی بەدرخان،ژمارە 34 2-